## عیماد ئەحمەد : ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

# ترسمان هەیە بەڵام ئەژنۆمان نەشکاوە ، ئێمە لۆزان و جەزائیرمان بینیوە لەبەر ئەوە هەقی خۆمانە گومان بکەین

دیداری ئەحمەد میرە و هێمن باقر
فۆتۆ : هێمن



**● راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکەو عێراق و کوردستانی هەژاند. ئەو راپۆرتە زیاتر لە هەموو لایەك بۆ کورد جێگەی رامان و هەڵوێست لەسەرگرتنە، چونکە کورد تاکەهێزێك بوو کە لەدوای رووخانی رژێمی عێراقەوە پاڵپشت و هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمریکا بووە بەڵام بەپێی پێشنیازو راسپاردەکانی ناو ئەم راپۆرتە زەرەرمەندترین هێز لە عێراقدا کوردە. لڤین لەم دیدارەدا لەگەڵ بەڕێز عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتنی نیشتیمانی کوردستان و وەزیری ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدوێت دەربارەی ئایندەی کورد و کوردستان لەدوای راپۆرتەکەو ئەو خاڵە شاراوانەی کە لەپشت داڕشتن و نووسینی ئەو راپۆرتەوە هەیەو ئەو دەرەنجامانەی کە لەجێبەجێکردنی ئەم راپۆرتە دەکەونەوە..**

**لڤین: ئایندەی کورد دوای راپۆرتەکەی بیکەر چۆن دەبینی؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەم راپۆرتەی بیکەر - هاملتۆن نە یەکەم راپۆرتە و نە کۆتا راپۆرتە، ئەمە لیژنەیەکن دەستنیشانکراون بۆ ئەوەی بە سیاسەتی ئەمریکادا بچنەوە و سیاسەت و بیری تازە پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکی بکەن بۆ ئەوەی باشترین سیاسەت بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە... راپۆرتەکە ئیجباری نییە، ئەکرێت قبوڵ بکرێت، ئەکرێت قبوڵ نەکرێت. ئەکرێت بەشێکی پەسەند بکرێت و بەشێکی پەسەندنەکرێت، عێراقی گرتۆتەوە و پەلیشی هاویشتووە بۆ دەرەوەی

عێراق بۆ مەسەلەی فەلەستین و بۆ مەسەلەی لوبنان و
بۆ مەسەلەی وڵاتانی دەوروبەر.

**لڤین: کەواتە بە رای تۆ ئەم راپۆرتە قورساییەکی ئەوتۆی نییە؟**

**عیماد ئەحمەد:** قورسایی هەیە، بەڵام ئێستا ناتوانین بڵێین قورساییەکەی چەندە و چۆنە، سەرەتای رێگەیە... بە تێروانینی من دوای ئەم راپۆرتە و پێش ئەم راپۆرتەش ئیدارەی ئەمریکی دەیویست بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، بەڵام ئەمە زەمینەیەکی باشە بۆ ئەوەی هەندێك گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا بکات لەسەر ئاستی عێراق... چونکە بەراستی سیاسەتییان سەرکەوتوو نەبووە لە عێراق. ئەوەش بەهۆی چەند شتێکەوەیە، بەشێکی سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی ناو عێراق خۆیەتی، بەشێکی دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەرەو بەشێکی بەندە بە سیاسەتی ئەمریکا لەسەرەتای روخانی رژێمدا... سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، نە وڵاتێکی دیموکراتی دروستکردووە نە ئاسایشی دروستکردووە نە ئەو بەرنامەیەی کەبۆی هاتبوو جێبەجێ کراوە دەبێت گۆڕانکارییەك بکات، ئەوە شتێکی لۆژیکییە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە تا چەند کاریگەری دەبێت لەسەر هێزەکانی عێراق، لەناو دەزگاکانی عێراق.. ئەوە چەند کاریگەری لەسەر کوردستان دەبێت، لەسەر کیان و سەرکردایەتی سیاسی کوردی.. بەڵام تا چەند بۆ کورد کاریگەرە با دابنێین بۆ ئەوکاتەی جێبەجێ دەکرێت..

**لڤین: بۆچی کورد لەو راپۆرتە نیگەرانە؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەبەرئەوەی هەندێ خاڵی تێدایە لە بەرژەوەندی کورددا نییە..لە یەکێك لەو خاڵانەدا هاتووە مادەی (140) دوابخرێت تا کاتێك کە ئاسایش دێتە ئاراوەو (کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی بۆ پاڵپشتی عێراق ــ المجموعه الدولیه لدعم العراق ) هەستێت بەو کارەو وڵاتانی ئیقلیمیش لەخۆ بگرێت.. یەکێکی تر ئەوەیە کە دەستور دەستکاری بکرێت و نەتەوە یەکگرتووەکان بەو دەستکارییە هەستێت، یەکێکی تر لەو خاڵانە مەرکەزییەت بەهێزبکرێت، هەموو هەرێمەکان لاواز بن،خاڵێکی تر بریتییە لە بەشداریکردنی وڵاتانی دەوروبەر وەك سوریا و ئێران و وڵاتانی تری دراوسێ و میسر و وڵاتانی کەنداو لە بارودۆخی ناوخۆی عێراق.. دەربارەی مەسەلەی نەوت دەڵێت دەبێت مەرکەزی بێت و دابەشکردنی بەپێی نفوس بێت بەسەر هەرێمەکان بەبێ رەچاوکردنی نەهامەتییەکانی کوردو شتەکان لەدەستی حکومەتدا بێت.. ئەم خاڵانە هەموویان لە قازانجی ئێمەدا نین. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین سیاسەتێکیش دانانێن، کە ناکرێت هەموو شتەکان لە قازانجی تۆدا بێت، سیاسەتمەدارانی کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێت بزانێت لەم گۆڕەپانەدا چۆن یاری دەکات.. چۆن هاوپەیمانی دەکات، چۆن لۆژیکی سیاسی خۆی پێشنیاز دەکات، چۆن سیاسەتی ناو خۆیی و هەرێمی و جیهانی خۆی بەهێزدەکات بۆ ئەوەی لەم گۆڕانەدا دەستکەوتێکی هەبێت تا ئەوەی هەمانە بەرەو دواوە نەچێتەوە.

**لڤین: بەڵام دەوترێت کەمتەرخەمی لەکورد خۆیەوە بووە کە هەوڵی نەداوە لەگەڵ ئەو لیژنەیەدا دابنیشێت؟**

**عیماد ئەحمەد:** نا... ئەمە کەمتەرخەمی کورد نییە، خۆی کوردستان کیانێکە ... حکومەتی خۆمان هەیە .. پەرلەمانی خۆمان هەیە.سەرۆکایەتی هەرێممان هەیە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و هەموو کاربەدەستانی ئەمریکا و ئەوروپا سەردانی کوردستانیان کردووە و دەکەن، لەگەڵ سیاسەتمەدار و سەرکردایەتی سیاسی کورد دانیشتن دەکەن، ئەم لیژنەیەش دەیتوانی سەردانی کوردستان بکات، بەڵام نەیکرد. پێش ماوەیەك پەیوەندییان بە کاك مەسعودەوە کردووە.. ئەو لیژنەیەش کە هاتووە، پەیوەندی بە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو عێراق و وڵاتانی دراوسێ کردووە، بەڵام پەیوەندی بەکوردەوە نەکردووە..بۆ؟ کەس نازانێت.. بیکەر کە خاوەن فکرەی (زۆنی ئارام)ە، لەوکاتەوە کە بیکەر دەستێکی باڵای هەبووە لەدیاریکردنی ئەو ناوچە هێمنە. ئایا دەستێکی باڵای دەبێت بۆ تێکدانی بارودۆخی ئێمە کەس نازانێت؟ بەڵام تۆ بڵێیت کە نەهاتوون بۆ کوردستان بە ئەنقەست بووە؟ .. سیاسەتییان هەبووە کە نەهاتوون؟ ئەوە غەدرێکە لێمان دەکەن، ناتوانین هیچ بڵێین هەتا وەکو کاتی خۆی دێت.. بەڵام کە ناوەرۆکی راپۆرتەکە لێکدەدەینەوە هەستدەکەین زیاتر لە قازانجی ئەو خەڵکانەیە کە لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا بەشدارییان نەکردووە، واتا ئەوانەی کە بەشدارییان کردووە کە شیعە و کوردە لەقازانجییان نیە، بەڵکو رەچاوی بەرژەوەندی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی کردووە، لایەنی ئەوانەی گرتووە کە کێشە بۆ عێراق زیاد دەکەن.. ئێستا لە عێراق شەڕی تائیفی هەیە.. ئەگەر ئەم شەڕی سوننە و شیعەیە شەڕی ئەهلی نەبێت ئەی چی شەڕی ئەهلییە؟ ئەگەر سەیری خەرجی ئەمریکا دەکەیت لەسەر عێراق مانگێك حەوت ملیار دۆلار بودجەیەتی، تا ئێستا نزیکەی سێ هەزار سەرباز کوژراوە.. دەیان هەزار بریندارە.. ئاسایش لە عێراقدا نییە، لە هەڵبژاردنی ناوخۆی ئەمریکا بۆ کۆنگرێس کۆمارییەکان دۆڕاندییان سیاسەتی کۆمارییەکان و بۆش لەنێو شەقامی ئەمریکی سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە.. ئەی کەواتە دەبێت ئەمریکا دابنیشێت دەستەوستان.. هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی خۆیدا نەکات لە بەرژەوەندی خۆی .. ئینجا ئەو گۆڕانکارییە چەند سوود بە ئێمە دەگەیەنێت و چەند زیان بە ئێمە دەگەیەنێت دەبێت بەپێی ئەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

**لڤین: کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم راپۆرتە ئەوەی پێوتین کە ئەمریکا دەیەوێت لە عێراقدا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت؟**

**عیماد ئەحمەد:** هاوپەیمانێتی لە سیاسەتدا جێگیر نییە، بەرژەوەندی جێگیرە.. بۆ ئەمریکاش کەس ناتوانێت بڵێت هاوپەیمانی بۆ هەتاهەتایە، نە ئەوان وەك زلهێزی دنیا ئەو مامەڵەیە دەکەن نە دەبێت هێزەکانی تریش چاوەڕێی ئەوەبکەن ئەوە شتێکی لۆژیکیە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم ئەم گۆڕانکارییە لە 100٪ نابێت بەڵام هەندێك گۆڕانی ستراتیجی و تەکتیکی دەکرێت. لەبیرمان نەچێت عێراق بەشێکە لەو ستراتیجەی کە دژی ئیرهابی نێودەوڵەتییە، واتا هەر ئەوە نییە کە بڵێین مەسەلەی عێراقە و کۆتایی دێت.. مەسەلەی رۆژهەڵاتی گەورە هەیە مەسەلەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە ئەمانە هەمووی دەور دەبینن.

**لڤین: پێتوایە ئەم نیگەرانییەی کورد هیچ بگۆڕێت لەو راپۆرتەی بیکەر و لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لەدوای ئەو راپۆرتەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەگەر تۆ دانیشیت لە ماڵی خۆت خەفەت بخۆیت ئەوە هیچ گۆڕانکارییەك دروستناکات، دەبێت پێی بجوڵێیت، سەرکردایەتی کوردی دەبێت لەسەر ئاستی ئەوروپا لەسەر ئاستی هەرێمی کاربکات و دانەنیشێت و بڵێت کە چیم بۆ دەکەن، لەناو عێراقدا کورد لایەنێکی سیاسییە و

دەورێکی سەرەکی هەیە، چونکە ئێمە بەشێك نین لە کێشەکە بەشێکین لە چارەسەر .. کەواتە دەبێت لەم چارەسەرە چەند دەستکەوتت هەبێت؟ نابێت بڵێین تەواو ئەم راپۆرتەی بیکەر وەك رێکەوتنامەی جەزائیر یاخود وەك پەیمانی لۆزانمان لێدەکات.

**لڤین: پلانی کورد بۆ ئەمە چییە؟**

عیماد ئەحمەد: پلانی کورد ئەوەیە وەك سەرکردایەتی کوردی نارازین لەسەر ئەو راپۆرتە؟ بەلام ئەو نارازیبوونە چۆن تەرجومە دەکرێت بۆ کردار؟ ئەمە یەکێکە لە حاڵەتەکان.. لەبیرمان نەچێت شیعەش نیگەرانە لێی، بەلام هەندێکی تریش پێیخۆشە .. هەروەها ئەم راپۆرتە لەنێو ئەمریکاشدا هەموویان پێیان راست نییە و هەموو ئەوروپا لەگەڵیدا نییە.. ئەم راپۆرتە هەریەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی سەیریدەکات.. ئێمەش هەروەها... واتا ناکرێت بڵێین ئێمە بەتەنها رەفزی دەکەین رۆڵی سیاسی هەرێمی و جیهانی ئێمە ئەوە نییە وەك هێزێکی گەورە مامەڵە بکەین، دەبێت بەپێی حەجمی خۆت و دەوری خۆت بجولێیت..دەبێت بەرەیەکی بۆ دروستبکەین و جولەیەکی سیاسی بۆ دروستبکەین.. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت ناومالی خۆمان قایم بکەین.

**لڤین: بەپێی ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە زەرەرمەندترین هێز کوردە، ئەو، ئاماژانەی لێناخوێنرێتەوە کە ئیتر ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانی کورد نەمابێت؟**

عیماد ئەحمەد: پێموانییە، لە کۆتا بینینی مام جەلال سەرۆکی ئەمریکا (بۆش) وتویەتی " ئێمە پشتیوانی کوردین" ئێستا لەناوەندی ئەمریکیدا بیرۆکەیەکی تر هەیە کە عێراق بەرەو دابەشبوون بروات ئەوەش لەئارادایە.. واتا ئەمەی بیکەر یەکەم راپۆرت نییە، جۆرەها راپۆرتی تری نهێنی هەبووە، بەلام ئەم راپۆرتە ئاشکرا دەکرێت و لە کۆنگرێس دەخوێنرێتەوە، تەنها هەرێمی کوردستانیشی نەگرتۆتەوە بەڵکو لە سەرجەم ولاتانی دەوروبەردا فەلەستین و ئێران و سوریا دەگرێتەوە.. ئێمە ئەوەندە خۆشباوەڕ نین کە بلێین ئەمریکا پشتی لە ئێمە نەکردووە و ئەمە خراپە.. ئەوەندەش رەشبین نین بلێین ئەمریکا پشتی لەئێمە کردووە و ئەمەش هەر خراپە.. بەڵکو دەبێت بەپێی سیاسەتی ئەمرۆ مامەڵە بکەین.. هێزی کورد و پێگەی کورد پشتیوانە بۆ ئەو سیاسەتەی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیەتی.. هێزی کورد ئێستا پشتیوانە بۆ ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا دەیەوێت لەعێراقدا دایڕێژێت. دەکرێت بلێین ئەمریکا هەموو داخوازییەکانی کورد جێبەجێ ناکات...

**لڤین: وەک دەبینرێت هیچ خواستێکی کورد لەو راپۆرتەدا نییە، دەتوانین بڵێین کورد زەرەرمەندترین هێزە لەو راپۆرتەدا؟**

عیماد ئەحمەد: ئەی شیعە چ قازانجێکی لێ دەکات؟ ئێمە ئەوەندە تووشی شکست هاتووین، بۆ نمونە لۆزان و رێکەوتننامەی جەزائیرمان بینیوە.. واتا گومانمان هەیە لە هەموو جولانەوەیەك، حەقی خۆمانە... بەلام ئەم گومانە وات لێنەکات کە نەتوانین بجولێین و کاربکەین.. ئەگەر بەراوردی خۆمان بکەین لە نێو عێراقدا بەهێزترین هێز دەبین.. ناوچەیەکی خۆمان هەیە، دەورمان لە عێراق هەیە، دۆستی ئەمریکاین، لەگەڵ دیموکراتیەتین، لەگەڵ عێراقێکی فیدرالی رێکوپێکین، هیچ داوایەکی ناهەقمان نییە..

**لڤین: ئەی بۆ لە راپۆرتەکەدا ئەمە رەچاو نەکراوە؟**

عیماد ئەحمەد: ئاخر ناکرێت بلێین بۆ نەکراوە خۆیان نەیانکردووە، لەخۆیان بپرسە بۆ نەیانکردووە..

**لڤین: رێکەوتنی ئەمریکا لەگەڵ نەیارەکانیدا لە عێراق پێتوانییە، پشتکردن بێت لەو دروشمانەی کە ئەمریکا لەسەرەتای هاتنیەوە بانگەشەی بۆ کرد؟ وەکو شەڕی دژە تیرۆر؟**

عیماد ئەحمەد: من ناتوانم سیاسەتی ئەمریکادا بنێم، بەلام کە سەیری سیاسەتی ئەمریکا دەکەین، هەستدەکەین سیاسەتێکی هەبووە دژ بە تیرۆر و دەستپێیکردووە.. دەسەلاتی تالیبان و دیکتاتۆرییەتی عێراقی روخاند. ئەوە سێ ساڵە شەڕ لەگەڵ تیرۆر دەکات لەسەر ئاستێکی جیهانی، بەلام پرۆژەکەی سەری نەگرتووە و دوژمنی زۆرە، تەداخولات هەیە، ئەو سیاسەتانەی کە بەڕێوەیدەبرد دەبێت گۆڕانکاریان تێدا بکات.. سیاسەتی خۆشی دەگۆڕێت، دەبێت بەپێی بەرژەوەندی خۆشی بێت.. ئەو نەهاتووە عێراق بروخێنێت بۆ چاوی کالی کورد و فلان و فیسار.. ئەم بەرژەوەندییە لەگەڵ ئێمەشدا دەگونجێت ، دەبێت سودی لێ ببینین، ئەوەنییە دابنیشیت و بلێیت ئەوەی ئەمریکا دەیکات هەمووی لە قازانجی ئێمەدا نییە.. هەندێك داواکاری ئێمەش هەیە کە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە. هەندێك شت هەیە کە ئێمە داوای دەکەین ئەمریکا نایەوێت..ئەگەر تەرازووی هێزی ئێمە بەراورد بکەیت لەگەڵ هێزی عەرەبی و تورکیایی و دەوروبەر ئاشکرایە کە ئێمە لەو رووەوە موتەوازعین، بەلام کورد دەیەوێت بەپێی ئەوەی ئەمریکا لە باروودۆخەکە هاتۆتە پێش سودی لێوەربگرێت.. وەك ئاشکرایە لە سیاسەتدا رەنگە ئەمرۆ سوود ببینیت بەلام بەیانی نەیبینیت. کەواتە شەڕەکە بەردەوامە.. ناکرێت بلێین دەبێت بۆ ئێمە هەمیشە موعادەلەکە (هات) بێت و هەرگیز (نەهات) نەبێت.. دەبێت بزانیت لەگەڵ نەهاتەکە چۆن مامەڵە دەکەیت کە زیانەکە کەمترین ئازاری هەبێت .. لەگەڵ هاتەکەش چۆن وا دەکەیت باشترین سودت هەبێت.

**لڤین: لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان دەڵێن ئەو راپۆرتە بەدوای چارەسەری کێشەی ئەمریکادا دەگەڕێت، نەک عێراقییەکان، پێتوایە تا چەند ئەو ستراتیژەی لەو راپۆرتەدا هاتووە دەتوانێت چارەسەرێکی بۆ کێشەی ئەمریکا بدۆزێتەوە لەعێراق و نەیخاتە قەیرانێکی ترەوە؟**

عیماد ئەحمەد: من پێشبینیدەکەم بیخاتە قەیرانێکی ترەوە، چونکە ئەمەش دوژمنی خۆی هەیە، سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهانی لە سەرکەوتندا نییە بۆ نموونە لە ئەمریکای لاتینی لە پاشەکشەدایەو لە رۆژهەلاتدا حاڵەتی بەرەو پێشچوونی تەیاری ئیسلامی دەبینرێت.. جا ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا دەکات؟ سیاسەتی خۆی هەیە، ئەمریکا ولاتێکی زلهێزە و بەرژەوەندی خۆی هەیە و ئەم دەسەلاتە هەتاهەتایە جێگیر نییە، لەوانەیە بەرەو خوارەوە بێت.. بەلام ئەم راپۆرتە مایەی ئەوەنیە کە تەواو ئەمریکا هەمووی جێبەجێ بکات.. ئیمکانە بەشێکی ئەم راپۆرتە جێبەجێ بکرێت. ئێستا سەرەتای راگەیاندنێتی، من پێمخۆشە راگەیاندنی کوردی، شەقامی کوردی، سیاسی کوردی، باش لەیەك تێبگەن و خۆیان ئامادەبکەن.. بتوانین حساباتی هەموو ئەگەرەکان بکەین و دەبێت حسابیش بۆ خراپترین ئەگەر بکەین..

**لڤین: ئێستا خراپترین ئەگەر چییە؟**

عیماد ئەحمەد: خراپترین ئەگەر ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو ئەم فیدرالیەتەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە ئەو دەستورە و ئەو مادەی 140ی کە هەیە نەمێنێت، ئەوە لە قازانجی ئێمە نییە..



لڤین: خاڵێک لە راپۆرتەکەی بیکەردا هاتووە دەڵێت کە نابێت مادەی 140 جێبەجێبکرێت و لە شوێنێکی دیدا دەڵێت "نابێت راپرسیش بکرێت بۆ ئەوەی بارودۆخەکە تێک نەچێت"، ئەمە بەهۆی دەستێوەردانی راستەوخۆی تورکیاوە نییە لە بەرژەوەندی بەرەی تورکمانی؟

عیماد ئەحمەد: بەڕاستی کێشەی عێراق وایلێهاتووە وڵاتانی دەوروبەر تەداخولی تێدادەکەن، کەم وڵاتی هەرێمی هەیە دەستی لە ئاڵۆزیی عێراقدا نەبێت..

لڤین: کەواتە خەونی تورکمانەکان بەم راپۆرتە دێتەدی؟

عیماد ئەحمەد: ئەوە بەرەی تورکمانی بەشێکە لە چوارچێوەی بوونی تورکمانی لەناو عێراقدا، تورکمان لە حکومەتی خۆماندا هەیە، لە پەرلەمانی عێراق هەیە لەو ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا هەیە.. تورکمان لەناو هاوپەیمانی کوردستانیدا هەیە، واتە بەرەی تورکمانی هەمووی تورکمان نییە.

لڤین: بەرەی تورکمانی یەک پێشنیازی کرد، پێشنیازەکەشیان جێبەجێکرا، پێشنیازی کورد چی بوو بۆ ئەو لیژنەیە؟

عیماد ئەحمەد: کوردیان نەبینیوە، پێشنیازی چی بکات...

لڤین: واتە هیچ راپۆرتێکیان بۆ ئەو لیژنەیە بەرزنەکردۆتەوە؟

عیماد ئەحمەد: ئاخر داوای نەکەن کورد چ راپۆرتێك پێشکەش بکات؟

لڤین: دەوترێت ئەو لیژنەیە لەگەڵ لیژنەی ئاشتەوایی نیشتیمانی(الجنة المصالحة الوطنية) دانیشتووە، دەبوایە کوردیشی تیابوایە، نوێنەری کوردیش لەو لیژنەیەدا (د.مەحمود عوسمان) بووە، بەڵام کاتی هاتنی ئەو لیژنەیە بۆ عێراق ئەو لە سەفەری دەرەوەی وڵات بووە؟

عیماد ئەحمەد: من ئاگام لەو هەواڵە نییە.. لیژنەیەك هاتووە پەیوەندیکردووە بە لایەنە سیاسییەکانی ناو عێراقەوە بەڵام پەیوەندییان نەکردووە بە کوردەوە؟ د.مەحمود نوێنەرایەتی کورد دەکات.. یان پەرلەمان؟ یاخود سەرۆکایەتی هەرێم؟ د.مەحمود ئەندامی پەرلەمانی عێراقییە و یەکێکە لە سیاسەتمەدارە بە هەڵوێست و بەئیمکانیەتەکانی کورد، بەڵام ئێمە هەمووی بشکێنینە سەر ئەم کەسە کە هەموو تەمەنی بۆ خەبات بووەو بڵێین خەتای ئەو بووە، چونکە لیژنەکەی نەبینیوە.. ئەمەش لۆژیکی نییە.

لڤین: ئەم لیژنەیە نۆ مانگە خەریکی کارە، بۆ نمونە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەموو وەفدە بیانییەی بانگهێشتی کوردستان کردووە نەیدەتوانی ئەو لیژنەیەی بیکەر بانگهێشت بکات؟

عیماد ئەحمەد: خۆی ئەو لیژنەیەی کە دەستنیشانکراوە بۆ ئەم کێشەیەواتا ئەوە نییە من بانگهێشتی بکەم.. خۆی دەبێت بێت لە دەرگامان بدات، چونکە من بەشێکم لە عێراق.. خۆ چۆتە لای شیعە ئەی بۆچی شیعە لێی نیگەرانە؟ لیژنەیەکە هەم لە دیموکراتییەکان و کۆمارییەکان و هەموویان خاوەن ئەزمونن.. ئەمەیان راستە.. بەڵام تۆ بە ناڕاستی دەزانیت.. ئەویش بیر لەخۆی دەکاتەوە.. نەهاتۆتە لای ئێمە چۆتە لای سوننە.. ئەوە شتێکی ترە.

لڤین: بۆچی پەیوەندی نەکرد بەکوردەوە، کورد دەبوو ئەمەی بە هەند وەربگرتایە، بۆچی ئەمەی نەکرد و پەیوەندی بۆ نەکرد، ئایا کورد کەناڵی پەیوەندی کردنی نەبوو؟

عیماد ئەحمەد: چۆن نییەتی، کورد ئێستا خاوەنی کەناڵی پەیوەندیکردنی زۆرە، ئەو وەفدانەی سەردانی ئەکەن، ئەو برادەرانەی کە سەردانی دەرەوە دەکەن، لە بەغدا ئێستا ئێمە هێزێکمان هەیە، وجودی مام جەلال و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق قورساییەکی تایبەتیان هەیە.

لڤین: واتا کورد خۆی تەسلیمی ئاینده کردووە؟

عیماد ئەحمەد: کاکە ئێستا کورد، مەوقیعێکی هەیە، لەناو دوورگەیەکی پڕ کێشەدا ئەژی، دەوروبەرمان وەکو پێویست نییە، سیاسەتێکی نێودەوڵەتی هەیە، سیاسەتێکی هەرێمی هەیە، سیاسەتێکی عێراقی هەیە، تۆ لەناو ئەمانەدا چ دەورێکت دەبێت، واتا هەندێجار ئارەزووەکانی تۆ نەگونجاوە لەگەڵ ئارەزووەکانی خەڵکی تردا. تۆ ئەو هێزەت هەیە کە بڵێیت گەر ئەمە نەبوو من ئەوە دەکەم؟ بەدیلێکی تر هەیە؟ تا شتێکی تر بکەین؟

لڤین: لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو پێشنیارەکانی لیژنەکە جێبەجێکران لە عێراقدا ئێوە وەکو سەرکردایەتی سیاسی پلانتان چییە؟

عیماد ئەحمەد: ئێمە دەبێت دانیشین قبوڵی نەکەین، قبوڵیشی نەکەین خۆ ئیعلانی شەڕی جیهانی ناکەین، واتا تۆ بڵێی ماددەی 140 تەئجیل کرا بۆ دوو ساڵی تر کورد دەبێت دانیشێت و بڵێ ( یا عەلی مەدەد بۆ شەڕ) دەتوانی چی بکەیت لەو حاڵەتەدا؟

**لڤین: واتا هیچی پێناکرێت؟**

عیماد ئەحمەد: تۆ سیاسەت دەکەیت، لە حاڵەتی وادا لێپرسراوێتی ئەو حاڵەتە لە چوارچێوەی موستەلزەمات و موستەجیدات و تەرازووی هێز و دۆست و دوژمن و شتەکان، واتا ئێوە بۆ ئەو مەسئولیەتە ئەخەنە سەر سەرکردایەتی کورد، ئەگەر هاتوو ئەمە نەبێت دەبێت ئیعلانی حاڵەتی خراپترین حاڵەت بکات، تۆ جارێ لەسەرەتا نارەزایی دەرئەبڕی و هەڵوێست وەردەگری و تا دەگاتە حاڵەتی ئەوەی چەکەکەت بەکاربێنی، خۆ ناکرێ هەر لەسەرەتاوە بەچەك کاربکەی، ئەی هۆکارەکانی تر بۆچی بەکارناهێنێت؟ هەتا ئێمە لەگەڵ بەعس و دوژمنەکانیشماندا تا هۆکارەکانی ئاشتی مابوو دەستمان نەدایە چەك، کە ئەو ئێمەی ناچارکرد ئەو کاتە دەستماندایە چەك.

**لڤین: بەلام ئەو راپۆرتە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە کورد و شیعە لەماوەی رابردوودا نەیانتوانیوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بپارێزن، بۆیە ئەمریکا لەرێگای پێشنیازەکانی بیکەرەوە ئەیەوێ هاوپەیمانەکانی بگۆڕێ؟**

عیماد ئەحمەد: ئەگەر ئەمریکا سیاسەتەکەشی بگۆڕێ، ئەوە نییە گۆڕانکارییەکە 100٪ بکات، بەڵکو لە هەندێ تەکتیك و سیاسەتی خۆیدا دەیکات لە عێراق، دەستکاری تەکتیك و سیاسەتی خۆی ئەوەنییە کە ئێستا بچێت لەگەڵ جەماعەتی قاعیدە قسەبکات و عێراق تەسلیمی ئەوان بکات. لەگەڵ صەدامییەکان دابنیشێت و عێراقییان تەسلیم بکات. ئەوەنیە و رای گشتی ئەمریکی ئەوە قبوڵ ناکات. بەلاٚم با حاڵەتەکە وا دابنێین کە وایە، بە پێی ئەو وتەیەی کە دەڵێ " لکل حادث حدیث". ئێمە ناکرێ لە ئێستاوە بڵێین ئەمە بەو شێوەیە دەبێت، ئەمریکا سیاسەتی خۆی دەکات و رەچاوی خۆی دەکات و رەچاوی تۆش دەکات. بەلاٚم رەچاوی خۆی زیاتر دەکات لە تۆ، نابێت بڵێی ئەمریکا دێت و هەموو ناوچەکە تێکدەدات، لە سیاسەتدا متمانە نییە.

**لڤین: گۆڕانی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و دەرچوونی ئەو راپۆرتە تا چەند پەیوەندی بە سەرکەوتنی دیموکراتەکانەوە هەیە؟**

عیماد ئەحمەد: لەکاتی روخانی صەدامدا کۆمارییەکان لە کۆنگرێسدا رەسیدیان بەرزبوو، قسەیان زاڵبوو، بەلاٚم مانەوەیان لەعێراق و دانەمەزراندنی دەزگاو دروستنەکردنی دەوڵەتی عێراقی دیموکراتی گورزی لە سیاسەتی کۆمارییەکان داوە لەناو ئەمریکادا و حاڵەتێك دروستبووە، چۆن ئەڵێیت کۆمارییەکان لە سەرکەوتندا نین، با نەڵێین لە شکستدایە کە ئەمەش وابوو، ئەوان هاتوون بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە لە عێراقدا، بەلاٚم ئەو گۆڕانکارییە دروستنەبوو، ئەمان نەیاریان هەیە کە دیموکراتەکانن، دەبێت ئەوە بزانین کە ئیدارەی کلینتۆن پلانی روخانی رژێمی عێراقیان دارشت و ئیدارەی بۆش جێبەجێکردووە، دەبێت ئەوەش بزانین کە لەکاتی جەنگی ساردا دیموکرات و کۆمارییەکان کێبەرکێیان بوو و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەسەر جەنگەکە بەلاٚم پێکەوە پلانی ستراتیژییەتی روخاندنی بلۆکی سۆشیالیستیان دارشت.. لەو هەڵبژاردنەدا کە بەشێکی گرنگی کاریگەری عێراق بوو، کۆمارییەکان دۆڕاندیان بۆ هەڵبژاردنێکی تر دەبێت شتێکی تر لەناو عێراق بکەن تا ببێتە دەستکەوتێك بۆ ئەوەی کۆمارییەکان کێبڕکێی دیموکراتەکانی پێبکەن. ئەمە حاڵەتێکە ، بەلاٚم ئەگەر دیموکراتەکان هاتنەسەر حوکم ئەوەنییە هەموو سیاسەتی عێراق بگۆڕن، تەواوی سیاسەتی کۆمارییەکان لە عێراق رەفزبکەن. مەسەلەن باس دەکرێ ئەمریکا پاشەکشە دەکات یان نا؟. ئەمانە هەمووی حساباتی کەناڵە سیاسییەکانی ئەمریکین. بەلاٚم هەر یەکە کێبڕکێی خۆی دەکات و دەیەوێ بۆ حیزبەکەی خۆی بێت.

**لڤین: بەپێی راپۆرتەکە ئەگەر حکومەتەکەی مالیکی نەیتوانی لەماوەی مانگ و نیوێکدا میلیشیاکان چەک بکات، ئەوا حکومەتی مالیکی لادەدرێت؟**

عیماد ئەحمەد: ئەم پشتیوانیەی ئەمریکا بۆ مالکی هەتاهەتا نابێت، ئەو حکومەتە نەتوانێ کۆنترۆڵ بەسەر بەغدادا بکات دەبێت ئەمریکا پشت بەچی ببەستێت؟ یەکێك لە گرفتی حکومەتەکە ئەوەیە ئێستا سێ کوتلەیە، ئەگەر حسابی کوتلەی (العراقیە) بکەین دەبێتە چوار، لەناو ئیئتیلافی شیعی هێزێکی یاخی هەیە کە ناوی باڵی تەییاری صەدرییە، دژ بە حکومەت و کیانەکەیە، هێزێکن خۆیان نادەنە بەرەیەك تا یەکلا ببنەوە.لە تەوافوقی سوننیدا حزبێك هاتووە لە وەزارەتەکە بەشداری دەکات کە حیزبی ئیسلامییە لایەنێکی تر کە هەیئەی عولەمای سوننی و صالح موتلەگ و ئەوانی تر دژ بە حکومەتەکەو کیانەکەن. ئەوەی کە یەك هەڵوێستە تەنها هاوپەیمانی کوردستانییە، ئێمە دەڵێین بەشێکین لە چارەسەرو بەشێك نین لە کێشە. بەلاٚم سەرۆکی وەزیران هێزێك لەناو هاوپەیمانییەتەکەی خۆیدا هەیە کە صەدرییەکانن. مالیکی دەچێت لەگەڵ بۆشدا دادەنیشێ و ئەوان دەڵێن ئەندامێتیمان لە حکومەت هەڵدەپەسێرین. هیچ شتێك لە زانستی سیاسییدا بەناوی هەڵپەساردنەوە نییە نە لە دەستور و نە لە یاسا، هەڵپەساردن خۆی دروستیکردووە، کەی دەیەوێت وازئەهێنێ و کەی دەیەوێت دەگەڕێتەوە. ئەوە لە بێدەسەلاٚتی مالکی و حکومەتەکەیەتی.. ئینجا ئەمریکا ئەم حاڵەتە دەبینێ پشتیوانی لە چی بکات؟ هێزەکەی تر سوننەکانن، بۆنموونە حیزبی ئیسلامی بەشدارە لە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆماری، کەچی (حارس ئەلزاری) لە کۆمەڵەی هەیئەی عولەمای موسلیمین دەچێت لێدوان ئەدات بەو شێوە توندەی کە داویەتی، ئەمانە گرفتێکن لە گرفتەکان، نەهاتوون بڵێن ئێمە ئەوەین و خۆیان یەکلایی بکەنەوە. خەڵك دەکوژرێت، تا ئێستا سەرکردەیەکی سیاسی نەکوژراوە مەگەر بەتیرۆر. ئێستا لە بەغدا باڵی نەیار زاڵترە لە حکومەت، کەی حوکمڕانی وا دەکرێ !

**لڤین: ئەگەر حکومەتەکە ئەوەندە لاوازە کە باسی دەکەیت، بۆ هاوپەیمانی کوردستانی پشتگیری دەکات؟**

عیماد ئەحمەد: ئەی چی بکات، ئەوە یەکێك لەو شتانەیە کە سیاسەتمەدارانی کوردستانی و راگەیاندنی کوردی و رۆشنبیرانی کوردی ئەم حاڵەتە لێکبدەنەوە، لیژنەی بیکەر هاملتۆن هاتووە چەند کاریگەری لەسەر ئێمە دەبێت؟ ئەگەر ئێمە لەناو ئەم هاوکێشەیە نەبین چیمان بەسەردێت؟ ئەوە یەك، دووەم ئەگەر عێراق بارودۆخی تێکبچێت مەسەلەی داهات و دەستکەوت و داراییەکە لەکوێ دێنی؟ دەتوانیت تۆ ئەم ولاٚتە بەمشێوەیە بەخێوبکەیت؟ سێیەم: ئەگەر ئەم ئاگرە گەورەتربوو، تۆش ناگرێتەوە؟ بەهۆی ئەم هۆکارانەوە ئێمە دەچین لە بەغدا بەشداری دەکەین خۆ بۆ خۆشی نییە.

**لڤین: واتا ئەگەر حکومەتی بەغدا نەبێت ئێوە ناتوانن موچە بدەن؟**

عیماد ئەحمەد: بەڵێ، ئێمە لە کوێمان هەیە لە ساڵێکدا سێ ملیار دۆلار دابین بکەین بۆ ئەم ولاتە.

**لڤین: ئەی پێشتر حکومەتی هەرێم چۆن دەیتوانی موچەی خەڵک بدات ؟!**

عیماد ئەحمەد: ئەو حکومەتە کە توانیویەتی بەم میزانیە نەبوو کە ئێستا هەمانە، بەو پارە سەرفکردن و گرانییە نەبوو کە ئێستا هەمانە.

**لڤین: کاک عیماد بۆ خۆت ترست زۆرە لەو راپۆرتەی بیکەر؟**

عیماد ئەحمەد: ترسم هەیە، بەلاّم ئەژنۆم نەشکاوە. مرۆڤ دەبێت متمانەی بەخۆی هەبێت، تێکۆشانمان هەیەو دۆزێکی عادیلانەشمان هەیە، ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ساڵانی رابردوودا دۆستێکی باشیشمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە، بەلاّم بێ دوژمنیش نین، سەرکردایەتییەکی تێگەیشتوومان هەیە، ئەمە نییە بڵێین 100٪ دێتەدی بەلاّم بواری جوڵەی باشمان هەیە.

**لڤین: چی بکەین بۆ ئەوەی کورد بێ زیان دەرچێت لەم گۆڕانی هاوکێشەکانەدا؟**

عیماد ئەحمەد: زیان هەیە ئەتکوژێت، زیان هەیە ئازارت پێئەگەیەنێ، لۆژیکی زیانیش رێژەییە.

**لڤین: گۆڕانی هاوکێشەکان چۆن دەبێت، ئایا لەسەر ئاستی ناوخۆ کورد ئەشکێتەوە بەلای سوننەکاندا؟ یان بە لای ولاّتانی ئیقلیمیدا؟**

عیماد ئەحمەد: لەگەڵ سوننە و ولاّتانی هەرێمی هەرگیز دوژمنی یەك نەبووین بەڵکو باوەش کراوەبووین بۆیان، خۆیان دەزانن لەگەڵ تورکیا و سوریا و ئێران رۆژێ لە رۆژان دەرگامان بەسەردا دانەخستوون. ئێمە هیچ سیاسەتێکی دژی ئەوانمان نەبووە، داوای مافی خۆمان کردووە، کە مافەکانیان پێشێلکردین دەستمان داوەتە ئەوەی کە هەڵوێست وەربگرین، ئەگەرنا ئێستەش هەرکەسێ دان بە مافی ئێمەدا دەنێت سەریشی ماچ دەکەین. بەلاّم بێن مافەکانمان زەوت بکەن، کورد لەوە دەرچووە قبوڵی ئەوەبکات.

**لڤین: پاڵپشت بەچی؟**

عیماد ئەحمەد: پاڵپشت بەهێزی خۆی، ئێمە کاتی خۆی چۆن کردمان؟

**لڤین: ئەوە لە رابردوودا بووە؟**

عیماد ئەحمەد: بۆ لەمەودوا دنیا بەو شێوەیە نییە، هەرچەندە من بڕوا ناکەم بگاتە ئەو ئاستە. میللەتی کورد توانی لە بەرامبەر بەعس بجەنگێ، کورد توانی بەرامبەر بەعسێك کە ئەو هەموو دۆست و پاڵپشتی نێودەوڵەتیەی هەبوو شۆڕشی کرد. بۆیە ئەوە نییە بڵێیت ئێمە هەموو دەرگامان لەسەر داخراوە، زۆر کەناڵ و میکانیزم ماوە، ئەوە نییە بڵێیت راپۆرتی بیکەر هاملتۆن هەموو دەگاکانی لەسەر داخستوین و جوڵەمان نەماوە.

**لڤین: ئەگەر شیعە ئێران پشتیوانیان بێت. سوننەکان ئەردەن و ولاّتانی تری عەرەبی و تورکمانیش تورکیا، کێ پشتیوانی کوردە؟**

عیماد ئەحمەد: مام جەلال ئەم پرسیارەی لە جۆرج بۆش کرد بۆش وتویەتی ئەمریکا پشتیوانی کوردە، دەی نازانم ئەو پشتیوانییە چەندێکە. بەلاّم پشتیوانی سەرەکی هێزی تەبایی و یەکدەنگی خۆمانە.

**لڤین: ئەوە بە نووسراو هەیە؟**

عیماد ئەحمەد: ئەوە بە قسە هەیە، خۆ نازانم تەلاّقی نەخواردووە. (بە پێکەنینەوە)

**لڤین: سەرۆکی هەرێم دەڵێ بەهیچ شێوەیەک پابەند نابم بە راپۆرتەکەوە، ئەو قسانە هیچ لە راپۆرتەکەی بیکەر دەگۆڕێ؟**

عیماد ئەحمەد: بۆ نا، کە ئەو راپۆرتە بۆ چارەسەری کێشەکانی هەموو عێراق بێت لایەنێکی سیاسی پلەیەکی دۆستی ئەمریکا بڵێ لەگەڵ ئەو راپۆرتە نیم، بۆ دەستکاری نەکرێ؟! ئەوە سیاسەتە. ئەگەر ئەو قبوڵیشی نەکات دەبێت جوڵەی لەگەڵدا بکەیت، تۆ زەمینەیەك خۆشبکەیت بۆ ئەم ناقەبوڵییە، نابێت بڵێیت قبوڵی ناکەم و لەماڵی خۆت دانیشی، دەبێت بۆی بجوڵێیت.

**لڤین: بەلاّم ئەزموونی ئەو سێ ساڵە، رەنگە ئەوەی بە ئەمریکیەکان وتبێت، کە کورد گوێڕایەڵی یەکەمە؟ ئایا ئێوە بەردەوام بڕیارەکانی ئەمریکاتان جێبەجێکردووە؟**

عیماد ئەحمەد: بەلاّم زۆرجار ئێمە گوێڕایەڵی ئەمریکامان نەکردووە، وەك ئەوەی ویستی سوپای تورکی بهێنێتە عێراق ئێمە قبوڵمان نەکرد و موراعاتی کردین، لەم دەستورەدا زۆر بڕگە ئێمە قاچمان دەکوتا بە زەویدا و قەبوڵی دەکرد. لەمادەی(58 و 140)ی کەرکوکدا، زۆرجار ئەمریکا سیاسەتێکی هەبووە، ئێمە سیاسەتێکی تر، بۆ نمونە ئەمریکا (پاچەچی) بەدڵ بوو بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بەلاّم ئێمە (غازی یاوەر)مان دانا بە سەرۆك کۆمار لەکاتێکدا ئەمریکا ئەوی بەدڵ نەبوو..

**لڤین: تۆ لەو باوەڕەدایت کورد نەرمی زیاتر بنوێنێ؟**

عیماد ئەحمەد: نا، سەرکردایەتی کورد دەبێت دۆگما نەبێت، مەغرور نەبێت، هێزی خۆی باش بزانێ و تەوازونی هێزی خۆی لێکبداتەوە. چونکە هەموو هاوکێشەیەك لە بەرژەوەندی کورددا نییە، سەرکردایەتی کورد دەبێت زۆر زیرەك بێت، بۆ ئەوەی میللەتی خۆی رزگاربکات لەو بەلاّیەی دێتەرێی وەك کورد دەڵێت ( حەوت جار بیپێوەو یەکجار ببڕە).

**لڤین: زۆرجار دەوترێ کە سیاسییەکانی کورد مەغرورن؟**

عیماد ئەحمەد: بەلاّم هەندێ کەسیش لای خۆمان دەڵێن، سیاسییەکانی کورد ئەمرناکەن و جێەجێی بکەین، رەنگە هەندێکیش ئەمە بڵێین.

**لڤین: ئەو راپۆرتەی بیکەر پێمان ناڵێ سەردەمی زێڕینی کورد ئیتر تەواوبوو؟**

عیماد ئەحمەد: هەموو شتێك رێژەییە، نە راپۆرتەکەی بیکەر رەهایە و نە ئەمەی کە هەشمانە، بڵێین رۆژێ لە رۆژان نایەتە خوارەوە. سیاسەت جوڵەیە، من ناتوانم بڵێم دێتە دواوە و نایەتەدواوە، من واقیعیانە سەیری مەسەلەی کورد دەکەم، بەو واقیعیەشەوە بە مەسەلەکانەوە پەیوەستدەبم.. ئەمڕۆ کۆسپێك دروستدەبێت ئێمە دەتوانین خۆمان کۆبکەینەوە و بە سیاسەتێکی باش خۆمان رزگاربکەین، یان ئەمڕۆ دۆخمان باشە، نابێ پشتی لێبکەینەوە و تا ئەگەری خراپ نەیەتە پێشەوە، مەسەلەن چەند ساڵە بارودۆخمان باشە، بەلاّم نەمانتوانیوە، ئابورییەکی وا لە کوردستان دروستبکەین، ئیعتیمادمان لەسەر خۆمان بێت ئەگەر دوو مانگ موچەمان بۆ نەیەت، ئایا خۆمان دەتوانین بیدەین!

**لڤین: دوا سەرنجت لەسەر راپۆرتەکە چییە؟**

عیماد ئەحمەد: راپۆرتێکە خەڵکی دیپلۆمات و شارەزای ئەمریکی نووسیویەتی دوور لە ئیسنانییەت و بەرژەوەندی خەڵکانی خاوەنمافی عێراقی و ناوچەکە لەم راپۆرتەدا هەموو بەرژەوەندی ئەمریکا لەبەرچاو گیراوە. ئەم راپۆرتە دەیەوێت بە عەسایەکی سیحری هەموو کێشەکانی ناوچەکە کە دەیان ساڵە هەن وەك کێشەی فەلەستین و عێراق و لوبنان چارەسەر بکات. کورد لەو راپۆرتە هیچ سوودمەند نابێت، تاکە رێگا لەبەردەم کورددا ئەوەیە کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئیحتیوا کردنی ، چونکە دژی ئیرادەی خەڵکە ودەستور رەت دەکاتەوە و موساوەمەیە لەگەڵ بەرهەڵستکارانی سیاسەتی ئەمریکی لەسەر حیسابی دۆستەکانی .